www.kurdistannet.org
14-7-2003 16:05

# بەياننامەی حيزبی كۆمۆنيستی كريكاری عيراق سەبارەت پيكهينانی " مەجلسی حكومەتی" لە بغداد

پاش تيپەربونی زياتر لە ٣ مانگ بەسەر روخانی رژيمی بەعسو دو مانگ دوای دانانی پەل بريمەر لە جيگای جای گارنەر بە ناوی ئيدارەی مەدەنی ئەمريكاوە لە عيراقدا، سەرئەنجام ئەمرۆ ١٣ تەموز بە ئامادەبونی پەل بريمەرو نوينەرانی بەريتانياو ريكخراوی نەتەوە يەكگرتوەكان، ئەنجومەنيكی ٢٥ كەسی بە ناوی "ئەنجومەنی حكومەتی عيراق"ەوە لە بەغداد راگەيەنرا. ئەم ئەنجومەنە پيكهاتوە لە سەرانی ئەحزابو تاقمە ناسيوناليستيە كوردو عەرەبو توركمانەكانو رەوتە ئيسلاميەكانو سەرۆك عەشيرەكان، كە وەكو نوينەرانی نەتەوەو تيرەو دينو مەزهەبو عەشيرەكان لە قەلەم دراون.

ئەمريكا لە ژير زەخيتيكی چەند لايەنەدا هەنگاوی بۆ پيكهينانی ئەم ئەنجومەنە هەلگرتوە، دوای سیٚ مانگ لە روخانی رژيمی بەعس نەيتوانيوە هيچ هەنگاويكی ئەوتۆ بۆ سازدانەوەی ئيدارەو دەسەلاتی سياسی هەلبگريت، بۆشايی ئيدارەو دەسەلات بوەتە هۆی بشيویو نا ئەمنیو لەبەريەكترازانی شيرازەی ژيانی كۆمەلايەتی. لەبەرامبەر ئەم وەزعەدا نارەزايەتی خەلكی ئازاديخوازو گيرۆدە بە برسيتیو نائەمنیو نەبونی خزمەتگوزرايە كۆمەلايەتيە سەرەتاييەكان، بواركرانەوە بۆ بە خۆكەوتنەوەی حيزبی بەعسو دەستوەشاندن لە هيزە سەربازيەكانی ئەمريكا، هاوكات بەرزبونەوەی بۆلەو نارەزايەتی لەلايەن ئەو حيزبە كۆنەپەرستانەی كە ئوميدی خۆيان بۆ دانيشتن لەسەر كورسی حوكم بە هيرشو پەلامارەكانی ئەمريكاو گريدابوو، هەموو ئەمانە پاليان بە ئەمريكاوە نا تا لەلايەكەوە لە ريگای بەشداركردنی هيزو تاقمە كۆنەپەرستەكان لە ئيداريەكدا كە خۆی تيايدا برياردەو هەمەكارەيە كۆنترۆلی خۆی بەسەر وەزعەكەدا توندتر بكاتەوەو لەلايەكی ديكەشەوە بەرامبەر رای گشتی دنياو نارەزايەتی خەلكی عيراق، بە روالەت وا نيشانبدات كە ئيدارەی وولات دەداتە دەستی عيراقيەكانەوە.

ئەم ئەنجومەنە دەسەلاتيكی ئەوتۆی پينەدراوەو لە راستيدا دەوری راويژكاری دەگيرێ بۆ ئەمريكا، بۆ دانانی هەر وەزارەتيك يان لابردنی، دوا بريار بە دەست خودی ئەمريكايە. لە هەمانكاتدا سەرنجيكی كورت لە خەسلەتی پر ناكۆكیو تيكەلو پيكەلی ئەم ئەنجومەنە دەريدەخات كە ناتوانێ شتيكی پايەداربيتو بە جيگايەك بگات، بەلام بە روونی نيازی ئەمريكا بۆ پيشلكردنی ئيرادەی خەلكی عيراق دەردەخات، ئەمە هەنگاويكی ئاشكرای ئەمريكايە بۆ سەپاندنی رژيميكی كۆنەپەرست بەسەر خەلكی عيراقدا.

ئەم "مجلسی حكومەتيە" هەر لە يەكەمين ساتەوە نيشانەكانی ناكام مانەوەی لە خۆی نيشانداوە، كۆكردنەوەی كۆمەليك ئەحزابو هيزو دەستەو تاقمی كۆنەپەرستو رەقيبو دوژمن بەيەك لە مەجلسيكی بەم جۆرەدا، رۆژی پيكهاتنەكەی دەبيتە رۆژی قولبونەوەی ناكۆكیو شەرو كيشەيان لەسەر هەموو مەسەلەيەك. ئەمريكا لە بەرامبەر نارەزايەتی فراوانی خەلكی ئازاديخوازی عيراقدا راوەستاوە، ئەم ئەنجومەنە وشكەكەلەكەش پيش ئەوەی پێی خۆی بچەقينێ دوچاری بنبەستو ريسوای دەبيت.

ئەم هەنگاوە لە هەميشە ئاشكراتر پوچی هاتو هاوەرەكانی ئەمريكا سەبارەت بە كۆتايهينان بە ديكتاتۆريەتو هينانی ديموكراسی بۆ خەلكی عيراق ئاشكراو ريسوا دەكات. ئەوەی كە دەيانەوێ لە سەروی ئيرادەی خەلكەوەو بە دور لە هيچ جۆرە دەورو دەخالەتيكی ئەوان تاقميك كۆنەپەرست بكەنە حاكم بەسەريانەوە، دوپات كردنەوەی هەمان ئەو سيناريۆ پوچەيە كە دەيان سالە لە سايەی بەعسدا دەستو پەنجەی لەگەل نەرم دەكريت. ئەم مەجلسە بە ناوەرۆك قەومی–دينی–عەشايەريە نە نوينەری هيچ بەشيك لە خەلكی عيراق دەكاتو نە هيچ پەيوەنديەكی بە خواستو ئاواتو ئامانجەكانی خەلكەوە هەيەو نەهيچ ريگا چارەيەكی بۆ چارەسەری كيشەكانی ئيستا هەيە، ئەم مەجلسە سەرتاپای نوقمی كۆنەپەرستی، قەمپەرستی، دژی ئازادیو دژی ژنانو هەموو ئارەزويەكی ئينسانیو پيشكەوتوانەی خەلكە. پيكهينەرانی ئەم مەجلسە خولقنيەرانی شەری قەومپەرستانەی كەركوكو قاتلانی ژنانن.

حيزبی كۆمۆنيستی كريكاری عيراق رادەگەيەنێ كە ئەم هەنگاوەی ئەمريكا وەكو پيشلكاريەكی ئاشكرای مافو ئيرادەی خەلكی عيراق هيچ شەرعيەتيكی نيەو بە وينەی هەوليك بۆ فەرزكردنی دەسەلاتيكی كۆنەپەرستانەی قەومیو دينی بەسەر خەلكدا، بە توندی مەحكومی دەكات.
هەروها بانگەوازی رای گشتیو هيزە ئازاديخوازەكانی دينا دەكات كە ئەم نەخشەو پيلانە لە دژی خەلكی عيراق مەحكوم بكەن.

حيزبی كۆمۆنيستی كريكاری هاوكات لەگەل ئەوەی بە هەموو توانا تيدەكۆشيت لە ريگای سازدانو هينانەمەيدانی هيزی كريكارانو ژنانو لاوانو خەلكی ئازاديخوازەوە ئەم نەخشەو پيلانە كۆنەپەرستانانە پوچەل بكاتەوەو دەسەلاتی راستەوخۆی خەلك بەرپا بكات، هاوكات بانگەوازی خەلكی ئازاديخوازی عيراق دەكات كە نەچنە ژيرباری ئەم مەجلسەو ئيدارەی ئەمريكاو پيرەوی لە بريارو دەستوريان نەكەن، لە هەموو گەرەكو ناوەندەكان ريزەكانی خۆيان سازو يەكگرتوو بكەنو ئيدارەی كاروبارو ئەمنيەتو ژيانی رۆژانەی خۆيان بە دەستەوە بگرنو بوار نەدەن هيچ ئيدارەو هيزيك لە سەرو ئيرادەی خۆيانەوە دەخالەت لە كاروبارييان بكات.

١٣ی تەموزی ٢٠٠٣